**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (1) لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لەدانیشتی ئاسایی ژمارە (13)ی رۆژی 2010/11/9 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( 13 )ی ساڵی 2010

## یاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و جێگرەکەی

**ماددەی یەکەم:**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت بڕەکەی(15) ملیۆن دیناری عیراقیە.

**ماددەی دووەم:**

دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەرمووچەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە دەکاتە(50٪)ی مووچەی مانگانەی.

**ماددەی سێیەم:**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق لە کاتی خانەنشین بوون، مووچەی خانەنشین وەردەگرێت، کە دەکاتە(80٪)ی مووچەو دەرماڵەکەی.

**ماددەی چوارەم:**

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت کە دەکاتە(13) ملیۆن دیناری عیراقی.

**ماددەی پێنجەم:**

دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە دەکاتە(50٪)ی مووچەی مانگانەی.

**ماددەی شەشەم:**

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق لە کاتی خانەنشین بوون مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت کە دەکاتە(80٪)ی مووچەو دەرماڵەکەی.

**ماددەی حەوتەم:**

پاش تەواو بوونی ئەرکی سەرۆك یان جێگرەکەی، حکومەت هەموو پێداویستییەکانی نیشتەجێ بوون و پارێزگاری کردن و گواستنەوەی گونجاو و، ئیمتیازاتی دیکەیان بۆ دابین دەکات، ئەوانەی کە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم یا نەریتی نیشتمانیی لەم حاڵەتانەدا دەیان بەخشێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**
**( د. کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی**

ئاماژە بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراوو، لە پێناوی دەست نیشان کردنی مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 18 ی سالی 2010 لەلایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.